# هەمی رۆژو مەهو سالا
# تو یا ل بیرا من



**زۆرن ئەو هونەرمەندانەی کەتوانیویانە لە سەرەتاوە بەکارو بەرهەمی جوان هەنگاوی سەرەتایی بنێن، بەهەوڵو باگراوندێکی داهێنانەوە، بێنە مەیدانی گۆرانیو مۆسیقای کوردی، گوڵێکی جوان دەخەنە ناو باخچەی گۆرانیو مۆسیقای کوردی، ( زانا جەبەلی ) یەکێکە لەو هونەرمەندە لاوە تازانەی ناو گۆڕەپانی گۆرانی کوردی، بەیەکەم بەرهەمی( تو یال بیرامن ) لە ساڵی ٢٠٠٦دا هاتە ناو دونیای گۆرانیو مۆسیقای کوردی، هەوڵمانداوە لەم دیمانەیەدا ( زانا جەبەلی ) زیاتر بەخوێنەرانی گۆڤاری کوێستان بناسێنین.**

سازدانی.هونەر محەمەد

### زانا جەبەلی کێیە؟

ناوم زانایە، جەبەلی ناوی باوکمە، لە ساڵی(١٩٨٣) لەکۆمەڵگای سێبیران لە شاری هەولێر لەدایك بوومە، لە دیوێکیتر، زانا کەسێکی ئارامو لە سەرخۆیە، کەسێکی کۆمەڵایەتی، حەز بە هاوڕێیەتی کەسی بەڕێزو هەموو ئەو کەسانەی گەشبینن لەژیانو بەو کەسانە دەکات کە خاوەن هەستو هەست بەشتە جوانەکانو نا جوانەکان دەکەن.

### منداڵی زانا جەبەلی چۆن بوو؟

بێگومان تەمەنی منداڵی، وەك هەموو منداڵەکانی تر ژیاووم، لە قوتابخانە بەمەدح نەبێ زیرەك بووم، لەبەر بارودۆخی ئابووری، کە هەموو وڵات تێیکەوتبوو، بێبەش بووین لە هەندێ پێداویستی منداڵی، بەڵام لەخێزانێك پەروەردە بووم، خێزانێکی هونەر دۆست.

سەرەتای گۆرانی گوتن، چۆن لەلای تۆ سەری هەڵدا؟

گۆرانی گوتن لەوانەیە هەر لەمنداڵی ڕەنگدانەوەی بەسەر کەسایەتیم وەك گۆرانیبێژ هەبووبێتن، دەتوانم بڵێم گۆرانی گووتن عشقێکە کە تۆ چۆن هەڵسو کەوت لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەرەت دەکەی، بۆ ئەوەی عشقی لەگەڵدا بکەی، من گۆرانی گوتنیش ئاوا دەبینم، بۆیە گۆرانی گوتن ڕەنگدانەوەی بەسەر کەسایەتی من هەبووە، بۆ نموونە من تەمەنم (١٠) ساڵ بوو، گۆرانیم لەسەر تەختەی شانۆ گووت، هەرچەندە سەرەتا بوو، بەڵام هەرچۆنێکبێت، توانیم خۆم نیشان بدەمو هەوڵێکی سەرەتایی بوو و دواتر چووم بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی مۆسیقاو ئێستا قوتابی کۆلێژی هونەرە جوانەکانم هەر لەبەشی مۆسیقا.

### چ بەربەستی کۆمەڵایەتی هەبوون لەبەردەمت بۆ کاری هونەری؟

لەکەلتورو وڵاتی ئێمەدا، هەموو دایكو باوکێك حەز ئەکا منداڵەکەی ببێ بە دکتۆر یان بە ئەندازیار، جونکە کاری هونەری ناتژیێنێ، کە کارێکیش نەتوانێ بتژیێنێ، تۆ زەحمەتە بەردەوامبیت، چونکە کاری هونەری لە کوردستان زۆرترین ماندووبوونی پێوە دەبینیو پارەیەکی زۆر سەرف دەکەی بەبێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ بەرامبەرێك بکەیت، لە بەرامبەر بەربەستی کۆمەڵایەتی من کێشەیەکم نەبووەو کە تۆش خۆت سەلماند، کۆمەڵگاش دەتوانی قبوڵت بکات، پێویستە ئەمەش بووترێت، کە ئەو بەربەستانە بۆ ئافرەتی هونەرمەند زیاترە نەوەك پیاو.

### زانا جەبەلی سەرەتا وەك شاعیر دەرکەوت دواتر وەك گۆرانیبێژ بۆچی؟

مرۆڤ ئەگەر بیەوێ ئەوەی کەئامانجیەتی وەدەستیبهێنێت، باشتر وایە لە دەوروبەری زانیاریە کە شتێك فێربیت، دیارە شیعر بەشێکە لەپێکهاتەی



گۆرانی، سەرەتا هەولمدا كۆمەڵە شیعرێك بنووسم، نەك بەو مانایەی ناوی شاعیر لەخۆم بنێم، چونكە ئەگەر تۆ دوو سێ شیعر بۆ ئاوازكانی خۆت شیعر بنووسی، ناتوانی بڵێی شاعیرم، من هەرگیز ئەو حەقە نادەم بەخۆم بڵێم شاعیرم، بەڵام هەوڵمداوە شیعر بنووسم بۆ گۆرانیەكانی خۆم، لەبەر چەند هۆكارێك یەكەمینیان بەهۆی نەبوونی شیعری بادینی سەردەمیانە، بەتایبەت لە شاری هەولێر، دووەم ئەوشیعرانەی كەمن دەمویست لەگەڵ سەردەمی ئێستا بگونجێ، زۆر كەمبوون، دوای هەوڵو ماندووبونێكی زۆر نەمتوانی ئەو شتانەی من گەرەكمبوون، بەدەستی بێنم كە خۆم دەمەوێت، دوای كۆكردنەوەی ئەزموونێكی زۆر توانیم شیعر بنووسم، من دەڵێم شیعرەكانم باش بوون، بەو مانایەنیە كە جۆرە لە خۆ باییەك بەشتەكانەوە دیاربێ، جونكە خەڵك ئێستا لەئاستێكی وەهادایە شتە خراپو باشەكان لەیەكتر جیا دەكاتەوە، خەڵك بەخێرایی نوێترین كاری هونەری دەبینێتن، بۆیە كە شیعرم نووسی هەولێك بوو بۆ ئەوەی لەكاری گۆرانی نزیك ببمەوە.

## چۆن لەئاییندەی گۆرانی كوردی ئەڕوانی؟

ئەگەر باس لە كارەكانی دوای ڕاپەڕین بكەین، لە مۆسیقاو گۆرانی، ئێستاش گۆرانكاری زۆر چاكی بەخۆیەوە دیووە، وە ئێمە دەبێ هەندێ شت بزانین، كە لە ولأتێكداین نزیكەی حەڤدە ساڵە حوكمڕانی خۆمان دەكەین، دەبێ بۆ ئەنجامدانی كاری هونەری باشبوونی ڕەوشی ئاسایشە، ئەبێت ژیانت تەئمین بێ مەترسی مەرگت لەسەر نەبێ، بۆ ئەوەی تۆ بتوانی كاری هونەری بكەی، كە لە ولاتێك شەرو ئاژاوە هەبێ، خەڵك حەز بەگۆرانی ناكا، چونكە تۆ ئەوەندە لەژیانی خۆت ئەترسی هەوڵ بۆكاری هونەری نادەی، وە ئەگەر تائێستاش ئێمە لەئاستێكی باش دانەبین، بۆ ئەم هۆكارانە دەگەڕێتەوە، دەبێ بڵێین ئاستێكی باشی بڕیووە لەبارەی تۆماركردنو لەبارەی ڕێیتم جۆرە ڕیتمێك هاتۆتە ناو گۆرانی كوردی پێشتر نەبووە، ئەمە دەوڵەمەندییێكە بۆ گۆرانیو مۆسیقای كوردی،كارەكانی ئێستا زۆر باشو سەركوتوون، پێم وایە هونەرمەندی كورد هیچی لە هونەرمەندانی میللەتان كەمتر نیە، من گەشبینم بەئاییندەی گۆرانیو هونەری كوردی.

## بەلای تۆ هونەرمەندی سەركوتوو كێیە؟

بەلای من هونەرمەندی گۆرانیبێژ دەنگێكی خۆشی هەبێ تۆنی دەنگی باشو زانستی بێو كەسایەتییێكی ڕۆشەنبیربێتن، مەرج نیە لە هەموو مەجالێك رۆشەنبیربێت، بزانێ مقامەكان بناسێتەوە، ڕیتمەكان بناسێتەوە، ئاگاداری كاری ڕۆژانەی هونەری بێتن، حەز ئەكەم شتێك باس بكەم، ئەویش گرنگی بەخۆدان، چونكە تۆ شتێك دەكەی هەموو كەس ناتوانی بیكات، ئەویش كاری هونەریە.

## زانا جەبەلی ژیانی هاوسەری پێك هێناوە؟

نەخێر.

## ئەی لەگەڵ خۆشەویستی چۆنی؟

من زۆر بەبەرزی وپیرۆزیەوە لەخۆشەویستی دەڕوانم، بێگومان باگراوەندێكی خۆشەویستی هەیە، لەپاڵ گۆرانی گوتن لەپاڵ ئەو هۆنراوانەی كەمن دەینووسم، ناكرێ بڵێم خۆشەویستیم نەكردوە، چونكە كە قاعیدەیەك هەیە كەسانێك خاوەن معاناتو خەمو كێشەی كۆمەڵایەتی نەبن ناتوانێت شیعرێكی جوان بنووسێت، ئاوازێكی جوان بنوسێتن، ئێمە كە دەڵێین ئاواز بەو مانایەی هەستت بجوڵێنێ، بتوانێ سەرنجت ڕابكێشێت، خۆشەویستیم كردوە، بەڵام ئێستا دابڕاوم لە خۆشەویستم، بەڵام دەبێت بۆ خۆشەویستەكەت وەفاداربیت، چونكە زۆرجار هونەرمەند كەسێكی سەرقاڵە لەوانەیە ئەوكاتەی نەبێت، سەرقالی كاری هونەری خۆیەتی ئەگەر نا من زۆر بە پیرۆزی لەعیشق دەڕوانمو هەر دەشبێ بچمە ژێر باڵی.

## پرۆژەی نوێت چیە؟

دوایین پڕۆژەی هونەریم، ئەنجامدانی كلیپێك بوو بەناوی (كەنیاتە) لە بەرهەمهێنانی كۆمپانیای چوار چرایە، لە ولأتی توركیا ئەم كارەمان كرد، بە هاوكاری برادەران، لە دەرهێنانی سامان عەدنان، لە مۆنتاژی كاروان زامدار، لەیاریدەدەری دەرهێنان، هەڤاڵ حەمەدو بەهاوكاری فەریدون كاوانی لە تركیا ئەم كلیپەمان ئەنجامدا، ئەوە دوایین كاری هونەریە كە كردوومە، وەكوو پڕۆژە. دەمەوێ كاری جوانو پوخت بكەم، بۆیە نامەوێ ئەو پەلەیە بكەم لەكاری هونەری، چونكە كە (سی دی) یەكە بلأو دەكەمەوە لەهیچ شتێ پەشیمان نەبم، پرۆژەی هونەریم لەبەر دەستە، بەڵام كاتو ساتی دیارنیە، بەڵام هەمیشە بۆ كاری هونەری لە هەوڵدام.